# جیتان لە هە ولیر دەوی....؟؟؟؟؟

**رزگار کۆجەر**
Rawa20@maktoob.com

**لەکەل بە خش وبلاو کردنەوەی تاوانەکانی گروپی شیخ زانا هەندی بەناو رۆشەنبیر وەک پیشەی جارانیان هەلسان بە تەعلیل وتەعلیل کاری بی ئەوەی ئەوەیان لەبیر جوبیت کە رەزیان ئەوندە گران بووە لە پیش بینەرو خوینەری کوردی بەتایبەتی خەلکی هەولیر کەدلنیام خۆیان جاک هەستی پی دەکەن.**

**ئەو بەناو رۆشەنبیرانە خوا خوایتیان کارەساتیک یان رووداویک توشی هەولیرو هەولیریەکان بیت بۆیە زور جار دەبین رق وکینەی خۆیان بەشیوەیەکی ئەوتو دەردەخەن وجاوەریی ئەو فورستە دەکەن تا رقی ناپکانەیان بەرامبەر شاریک دەرببرن کە خویان دەزان جەندە خیرو بەرکەتی بۆ ئەوان هەبووە جەندە قوربانی داوە لەپیناو سەرفیرازی کوردو کوردستان**

**ئەوانەی ئیمرۆ هەولیر بە بەرهەمی تیرورو مۆلگەی حسانەوەی تیرورستان لە قەلم دەدەن ئەوندە نەفام و ئەوندە نەزان کە دلنیام تاقەتیان نیە بۆ جاریکیش گوی لە هەولیری و هەولیریەکان بگرن یان تاقەتیان نیە پیاسەیەک بەناو کوجەو کۆلانەکانی هەولیر بکەن بزانن خەلکی هەولیر بەراستی وەک شیخ زانان یان وە ک شیخ زانا بەرهەم هاتوون یان بەس لە هەولیر وەک شیخ زانا هەیە لەشارەکانی تریش جەندی وەک شیخ زانا خۆیان شاردۆتەوە جاوەریی ئەو رۆژە دەکەن کە خۆیان دەیانەوی..؟؟؟ .**

**جانازانم ئەوانەی ئیمرۆ پروپاکندە لەسەر هەولیرو هەولیریەکان دەکەن ئەویان لەبرجاوە کە تا نەهاتبوونە هەولیرو ئاوو خیربیری هەولیریان نەخواردبووە خاوەنی جەند بەتانی بوون یان خاوەنی جەند خانوو جەند ئۆتۆمبیل بوون ...نەگبەتی هەولیرو هەولیریەکان لەوەیە ..خەلکانیک هیج رۆژیک جاویان بە هەولیر باشی هەولیریەکان هە لنەهاتوە....**
**بۆیە وەک باسمان کرد وەک تووتی گییان کردۆتەوە تا نوکتەیەک یان قسەیکی قۆر دروست کەن کە لەبازاری ئیمرۆماندا دوو فلسی پان کردنەوەو مل شۆریەکەیان ناهینیت**

**لە کۆتای دەلیم ئەوانەی ئیمرۆ پرو پاکندە لەسەر هەولیر دەکەن وهەموو خەلکی هەولیر وەک شیخ زانا سەیر دەکەن بابجن سەردانیکی بەندیخانەی مەحەتەو بنکەی جاک سازی نیوجەوانان ئافرەتان بکەن بزان ئەوانەی بەند کراون جەندیان هەولیرین و جەندیان خەلکی شارەکانی ترن......یا بجن لە گەل بیرمەندە ئیسلامیەکان قسەبکەن تا بزانن بیری اسلامی سیاسی و نمونەی شیخ زانا بەرهەمەکەی شاری هەولیرە یان ناحەزان ئیستراديان کرد بۆ هەولیر یان بزانن ئەو گەنجە کوردەی کە لە شاریکی کوردستان بەرەو ئەفغانستان رۆیشت دوایش ویستی کارزای تیرۆر بکات خەلکی کامە شار بوو یان با لە ملا کریکار برسیار بکەن کە خەلکی کویندەرەو جەند ئەندامانی سەرکردایەتی گروپەکەیان خەلکی هەولیرن لە کۆتایش دلنیام هەولیر وەک بەهەشتی لیبت و لە ئیستا زۆر جوانتریش بیت ئەوا خەلکانیک هەر جاویان پی هەل نایەت بۆیە لای زۆربەی زۆری خەلکی هەولیر جاکە ئەو بەناو رۆشبیرانە بابجن قەوانیکی تر بدۆزنەوە جونکە هیشتا قەوانی موجتەمحی مەدەنی و قەوانی لیبرالیەت و قەوانی مافی ئافرەتان وقەوانی عەولەمەو هەموو قەوانەکانی تر کە لەگەل کوتنەوەیان سەریان یەشاندووین بابجن ئەوان باشتر لەبر بکەن جونکە کورو کۆبوونەوەی زیاتریان لە بەردەمە....**